www.kurdistannet.org

16-10-2006 7:26 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەهاباد قەرەداغی: من باوەڕم وایە ڕیفۆرم دەتوانرێت بکرێت، بەڵام نەک بەو کەسانەی کەخۆیان کۆنسێرڤاتیڤن و سەرچاوەی سەرەکی دواکەوتن و گەندەڵین.

ئامادەکردنی تەوەرە ئاسۆ

سالی دووهەزاروشەش سالی نارەزایتی خەلکی کوردستان بو بەروی دەسەلاتی پارتی ویەکیتی چەندین نارە زایەتی سەری هەلدا ئەوەی جیگەی نیگەرانی رای گشتی و شەقامی کوردییە ئەوە یە کە دەسەلات دارانی حکومەتی هەریمی کوردستان نەک ریزیان لە داوکانی خوپیشان دەران و نارەزایەتیەکانی خەلك نەگرت بەلکو بە پیچەوانەوە کەوتەنە گرت و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران بویە ئیستا پرسیاریك دیتە ئاراوە کە ئایا دەسەلاتی کوردی کە بانگەشەی دیموکراتی دەکات بەم هەلویستانەی کەبەرامبەر داواکانی هاولاتیان دەیگرنە بەر ئاچنە ریزی دیکتا تۆرە کانەوە ئایا دوای ئەم نارزایە تیانە دەسەلاتی کوردی دەتوانیت ریفۆرم بکات ئەمەئەو پرسیارانە یە کەبەردەوام رای گشتی دەخاتە بەردەم چەندین بۆ چونی چیاوازەوە ئیمە هەولدەدەین لەم تەوەرەیەدا رای چەندین نوسەرو رۆژنامە نوس ورۆشنبیر بۆوەلامی ئەم پرسیارانە وە ربگرین.

ئاسۆ: لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان خۆپیشاندان سەری هەڵدا، ئەو دەرهاویشتە سیاسییانە چی بوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژییە لە نێوان دەسەڵات و هاوڵاتییاندا.



مەهاباد قەرەداغی: خۆپیشاندانی هاوڵاتییان ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی داخوازییەکان و بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لە کەموکورییەکان. لە بارودۆخێکی ئاسایی و یاساییدا، دەسەڵات و هاوڵاتی دوو سەنگەر نین دژ بە یەک کار بکەن، بەڵکە تەواوکەری یەکترن و ماف و ئەرکیان بەسەر یەکترەوە هەیە. ئەو ماف و ئەرکانەش پێویستە بۆ هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی یاسایی دانرابێت و لە دەستوور و یاساکانی هەر وڵاتێک ڕێکخستنی ئەم ئەرک و مافانە ئەلف و بێی دەوڵەتدارییە. حکومەت لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە بۆ ئەوە دادەنرێت کە کاروبارەکانی هاوڵاتی ڕێکبخات، پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات و، ئاسایشیان بۆ فەراهام بکات، ئەم ئەرکانەی کە حکومەت دەیکێشێت مافەکانی هاوڵاتی دەستەبەر دەکات، بەرامبەر بەم مافانەش هاوڵاتیان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیان بە ڕێک و پێکی، مافەکانی حکومەت دەستەبەر دەکەن. ئێمە بۆ ئەوەی لە کێشەکانی ئێستا تێبگەین و بزانین دەرهاویشتەی چ بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆزن، پێویستمان بە پێداچوونەوەیەکی ئەو قۆناغە سیاسییانە هەیە کە تێمانپەڕاندوون.

لە باشووری کوردستاندا دوو قۆناخ هەبووە، قۆناخێکیان کە داگیرکەر و ڕژێمە تۆتالیتارەکان حکومیان کردووە و لەوێدا بارودۆخێکی دژوار، نائاسایی و سامناکمان بەسەر بردووە و، مێژووی ئەو قۆناغەش بۆ هەمووومان ڕوونە و نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانیەوە، بەڵام تەنها وەبیرهێنانەوەی کارەساتەکانی

هەڵەبجە، ئەنفال، کیمیابارانکردن، زیندانەکان، تالانکردن و ڕوخان و خاپورکردنەکان نمونەی زەق و سامناکی ئەو قۆناغەن و لەوێدا پانتاییەک بۆ پەیوەندییەکی ئاسایی نێوان حکومەت و هاوڵاتی نییە تا بێین باسی بکەین، چونکە حکومەت بۆ کورد یەکسان بوو بە دوژمن و داگیرکەر. ئەو قۆناغە خۆشبەختانە تەواو بوو، بەڵام لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری و سیاسی و یاساییشەوە پاشماوە و کاریگەری بارودۆخی ئەوسا، لە ئێستاشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، چونکە کاری جیدی لەسەر نەکراوە بۆ سڕینەوەی شوێنەوار و کاریگەرییەکانی.

لە قۆناغی دووەمیشدا کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 دەست پێدەکات و تا ئێستا ئەوە پانزە ساڵە، کە دەسەلات خۆماڵییە و حیزبەکانی کوردستان حکومەتیان پێک هێناوە و بەڕێوەبردنی کوردستانیان وەئەستۆ گرتووە. لەم دۆخەدا بەرپرسانی حکومەت لەناو جەرگەی جەماوەرەوە هەڵقوڵان، چونکە پێکهاتەی حیزبەکان لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێک هاتوون و کەسێکی نامۆ بە کورد حوکمی ئێمەی نەکردووە. لە سەرەتای ڕاپەڕیندا، کە هەمووومان لەبیرمانە، هەموو هاوڵاتییەک بەوپەڕی هێز و توانای خۆیەوە پشتگیری لە حیزبەکانی کوردستان دەکرد، ئەندامی بووایە یان نەبووایە، چونکە بەدیهاتنی هەموو خەونەکانی خۆی لەچاوی ئەو حکومەت و پەرلەمانەدا دەبینی کە هەڵیبژارد بۆ خۆی تا بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەی پێ بسپێرێت. مەبەستمە بڵێم جوانترین پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتی و حیزب و حکومەتدا هەبووە ئەو دەمە، چونکە تازە لە شاخەوە دابەزیبوونە نێو شار و هێشتا هەر بە چاوی ئەو پێشمەرگانەوە تەماشا دەکران، کە ئاواتی هەر کەسێک بوو بیانبینێ، چونکە سیمبۆلی ئازادی بوون.

حیزبەکان لەم قۆناغەدا ئەرک و مافەکانیان گۆڕانی گۆڕانی بەسەردا هات، شێوەی بەرپرسیارێتییان گۆڕا، دەبوو شێوەی بیرکردنەوەشیان بگۆڕێت و شێوازی کارکردنیشیان بگۆڕێت. حیزبەکان دەبوو هەر ئەوسا بەرنامە بۆ گۆڕینی هەیکەلی حیزبی و ناوەڕۆکی پەیڕەوەکانی خۆیان دابنێن، چونکە پێوەری شاخ بە شار نەیدەخوارد و عەقڵی شاخ بۆ خوێندنەوەی شار نەدەگونجا، وەلێ هیچیان نەگۆڕی و هەر بە هەمان عەقڵ و بەرنامەوە کاریان درێژە پێدا و ئەمەش هەر ڕۆژێک تێدەپەڕی ئەرکی بەسەریاندا کەڵەک دەکرد و باری سەرشانی قورستر دەکردنەوە. کەڵەک بوونی ئەم ئەرکانە لە لایەکەوە و، تینوێتی بۆ دەسەڵاتی ڕەها لە لایەکی ترەوە شەڕی براکوژی لێ کەوتەوە و چەند ساڵێک درێژەی کێشا و، ئاکامەکەی لە وردەکاری ژیانی ئەمڕۆشدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و دەتوانین سەدان نموونەی لێ بهێنینەوە. شەڕی ناوخۆ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەم کێشانەوە کە ئەمڕۆ ڕوو دەدەن، چونکە لەوێوە ئیدی کۆمەڵێک خەڵکی مشەخۆر لەناو حیزبەکانەوە دروست بوون کە بەرژەوەندییان لە شەڕدا هەبوو، ئەوانە کولتووری گەندەڵییان داهێنا و وردە وردەش گەشەیان پێدا، کە ئێستا ئەم کولتوورە وەک خۆرەیەک بەربووەتە لەشی کۆمەڵگە. ڤایرۆسی گەندەڵی تا دێ مەودای نێوان هاوڵاتی و حکومەت گەورەتر دەکاتەوە، چونکە بەهۆی ئەو گەندەڵییەوە هەستی نامۆیی لە نێوان خەڵک و حکومەت و حیزبەکان دروست بووە و مەودای نێوانیان فراوانتر بووە. بەرپرسانی حکومەت هەموویان گەندەڵ نین، بە هەمان شێوە لەناو سەرکردایەتی حیزبەکانیش کەسانی زۆر باش هەن و هی گەندەڵکاریش هەن، کە بوونەتە مشەخۆری بەردەوام و ئەمانەن ناکۆکییان لە نێوان خەڵک و حکومەت و حیزبەکان دروست کردووە. چونکە هاوڵاتی زەق زەق تەماشا دەکات کە مافی ئەو کەسی دیکە دەیخوا و بەردەوامە لە خواردن و قەتیش تێر ناخوا. دەبینێ خزمەتگوزاری پێ ناگات و هەڵاواردن هەیە لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیکە. هۆی ئەمانە هەموویەتی کە تووڕەییەک ساڵانێکە پەنگ دەخواتەوە و ئێستا لە شێوەی

خۆپیشاندان و شێوازی دیکە دەریدەبڕێت. حکومەت پێویستە گوێ لەو داخوازیانە بگرێت و بە جیدییش داخوازییەکانیان جێبەجێ بکات، چونکە بە ڕاستی حکومەت پێویستە خزمەتکاری هاوڵاتی بێت. هاوڵاتیش پێویستە تێگەیشتنی هەبێت بۆ بارودۆخی هەستیاری سیاسی کوردستان و گەمەی سیاسەتی ناوچەکە لە دژی کورد، کە بۆ نموونە لە کێشەی کەمی سوتەمەنیدا ڕاستەوخۆ دەست تێوەردانی ناوچەیی هۆکارە.

ئاسو: ئایا دەسەڵاتی کوردی لە توانایدا هەیە ریفۆرم بکات وەک خۆیان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا باسی دەکەن؟ ئایا ئەو سیستەمەی دەسەڵاتی کوردی بەڕێوە دەبات دەتوانرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت؟

مەهاباد قەرەداغی: کام سیستەم دەسەڵاتی کوردی بەڕێوە دەبات؟ خۆی کێشەکە لەوەدایە کە هەتا ئێستا بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو کار نەکراوە و، تەواوی کارەکان بێبەرنامە بەڕێوە چوون. ئەم بێ سیستەمییە خۆی هۆکاری گەندەڵی بووە، چونکە ئاسان نەبووە کەموکورییەکان ببینرێن و سەرچاوەی فەساد بدۆزرێتەوە. بە بڕوای من ریفۆرم دەتوانرێت بکرێت، ئەگەر بویسترێت. ویستن توانینە. لە هەر ئۆرگانێکدا ئیدی حکومی بێت یان حیزبی یان دامودەزگای مەدەنی، ئەگەر ویستی ریفۆرم هەبێت توانای ریفۆرمیش هەیە. هیچ شتێک نییە لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا بێت و لە دەستی مرۆڤ عاسی بێ و نەتوانێ بیکات. من باوەڕم بە توانای مرۆڤ هەیە، بۆیە بە ڕەشبینییەوە وەڵام نادەمەوە. پارتی و یەکێتی ئەگەر بیانەوێ ریفۆرمێکی وا دەکەن لە چەند ساڵی داهاتوودا ببنە دوو لە حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە. ئەگەر نەشیانەوێت، ئەوە زیان بە خۆیان و کۆمەڵگەکەشمان دەگات. من باوەڕم وایە ریفۆرم دەتوانرێت بکرێت، بەڵام نەک بەو کەسانەی کە خۆیان کۆنسێرڤاتیڤن و سەرچاوەی سەرەکی دواکەوتن و گەندەڵین. ریفۆرم بیری نوێ، وتەی نوێ و کرداری نوێی پێویستە. دەبێ کەسانێک بیکەن کە توانای بیرکردنەوەی نوێییان هەبێت، بتوانن بە شێوازێکی نوێ دەریببڕن و نوێکاریش بن.

ئاسوا: لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نارەزایەتی هەبوو، بەڵام تەنها توێژی لاوان هاتنە سەرشەقام. ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ حزورێکیان نەبوو لەم ڕێپێوانانەدا. پرسیارەکە ئەوەیە چ هۆکارێک هەبووە بۆ نەبوونی حزوری چین و توێژەکانی تر لە ڕێپێوانەکاندا؟

مەهاباد قەرەداغی: ڕاستە نارەزایەتی لە ناو هەموو چین و توێژەکانی تردا هەیە، بەڵام گەورەساڵان لە سروشتیاندا هێمنی زیاتر هەیە و زۆرتر دەتوانن بەرگەی ناهەمواری بگرن، بەڵام گەنج جەربەزەیی زیاترە و زووتر هەڵدەچێ و بەگژ ناهەمواریيەکاندا دەچێتەوە. خۆپیشاندانەکان لە سەردەمی پێشووشدا هەر گەنج کردوویانە، چینی قوتابی و لاوان زیاتر بەو کارانە هەڵدەستان، بەڵام هەردوو توخمی نێر و مێ. ئەم هەست و جەربەزەییەش بەشێکی زۆر پەیوەندی بە تەمەنەوە هەیە، چونکە تەمەنی هەستکردن بە خۆ و ناسنامەی خۆ و کەسایەتی خۆیە. بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوونیش ئەگەر لە ڕوانگە دەروونییەکەیەوە تێی بڕوانین، جۆرێکە لە ئامرازی خۆسەلماندن و سەپاندنی شوناسی خۆ. ئەوەی تێبینی دەکرا کچ بەشداری خۆپیشاندان نەبوون، ئەمەش پرسیاری دروست کردووە، چونکە خۆپیشاندانی قوتابیان لە ساڵانی هەشتاکاندا کوڕ و کچ شان بە شانی یەکتر دەیانکرد و دەیان و بگرە سەدان کچیش لە پای ئەوە دەچوونە زیندانەکانەوە.

بە بڕوای من لەم ساڵانەی دواییدا مەودای نێوان کوڕ و کچ دوورتر کەوتۆتەوە لە یەکتر، دیوارەکانی نێوانیان بڵندتر بۆتەوە، کچ متمانەی بە کوڕ نەماوە بەهۆی ئەو کێشانەی کە ڕوودەدەن، بۆیە لە کاتی خۆپیشاندانیشدا ئەم دووریە دەردەکەوێت و، دەبینین کچ و کوڕی گەنج هیچ پرۆژەیەکی هاوبەشیان پێکەوە نیە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە دەتوانین بەشدارینەکردنی ژن لە خۆپیشاندانەکاندا بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ڕۆڵە پاسیڤەی کە کۆمەڵگە بە گشتی بە ژنی داوە و لەو ڕۆڵەدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ بەرامبەر بە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە خۆی دوورەپەرێز دەگرێت لە چالاکی لەو جۆرە. دەتوانین ئەوەش وەک فاکتەرێک ببینین کە ژنان دوورەپەرێزن لە سیاسەتەوە و ئەو جموجوڵ و چالاکییانەش سیاسین، یان پەیوەندیدارن بە سیاسەتەوە، بۆیە خۆی لە قەرەیان نادات. حیزبەکانی کوردستان تا لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی پێشوودا بوون، هانی کچان و ژنانیان دەدا بۆ خەبات و بەرخۆدان، چونکە بەری ڕەنجی ئەو خەباتە دەچووە کۆنتۆی شۆڕشەوە و شۆڕشیش شۆڕشی پیاو بوو. بەڵام لە کاتێکدا کە ئێستا خۆیان فەرمانڕەوان هانی ژن نادەن بۆ سیاسەت و بە پێچەوانەوە تاک و تەرایەکیش کە ئارەزووی سیاسەت و بەشداری سیاسییان هەبێت لە مەیدانەکە دەریاندەپەڕێنن، لە دوایشدا پاساو بۆ بەشدارینەکردنی ئافرەت دەهێننەوە و دەڵێن خۆیان نایەنەوێ و شایستە نین. کارەساتەکە لەوەدایە ژنانی کوردستانیش هەر زوو دوای ڕووداوێکی وا و ڕووبەڕووبوونەوەیەک وازدەهێنن و دەست دەنێن بەسەر کڵاوی خۆیانەوە با نەیبا. کچانی کوردستان لە ئێستادا زیاتر هاندەدرێن بۆ پێکەوەنانی خێزان و کردنی بە ئامانجی سەرەکی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە هەر ئەرکێک کە ئەرکی خێزانی دوابخات. هەموو ئەو هۆکارانە وا دەکەن ژن لە چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری بەدوور بێت. بەشداری ژن لە چالاکی ئابووریدا نەک هەر کەمە بەڵکە دەگمەنە. بەرامبەر بەم کەموکوڕییانە نیشانەی پرسیار لەسەر هەموو ئەو ڕێکخراوانەش دروست دەبێت کە لەم پانزەساڵەی دواییدا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی کاریان کردووە. مرۆڤ لەخۆی دەپرسێت کە ئەو هەموو ڕێکخراوە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسیەت و مەدەنیەت و چی و چی هەبێت، کوا مەدەنییەت؟ کوا بەشداری ژن لەو مەدەنییەتە؟ کەواتە مرۆڤ دەبێ باس لە ڕیفۆرمی گشتی بکاتەوە کە لە سەر ئاستی ئەو ڕیکخراوانەشدا کار بکات و گۆڕان دروست بکات.